دنیای منداڵان

١٥٤

www.kurdistanukurd.com
ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی

منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

فێرگەی نەقاشی

چیرۆک

جۆراوجۆر

قسەی خۆش

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

شێعر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا

وریا، نێعمەت مەلا، مینا سولڵتانزادە

کاردەستی

زانیاری

پەیوەندی:

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan

www.Kurdistanukurd.com

ڕۆژی جیهانیی تەندرووستی

منداڵە ئازیزەکان ئەوکاتەتان باش
ڕۆژی ١٨ی خاکەلێوەی ئەمساڵ
ڕۆژی جیهانیی تەندروستی بوو و
ئەو ڕۆژە لە ساڵی ١٩٥٠ی زایینی
لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە
دیاری کراوە. ئەم ساڵیش لە ژێر
درووشمی (ئاسایشی خواردن)
لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، یادی
ئەم ڕۆژە کرایەوە. ڕێکخراوی
نەتەوەیەکگرتووەکان لە نزیکەوە
چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی کارکردن
لە بواری تەندرووستیی زۆربەی
وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی هەژاردا دەکا. بەداخەوە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر
لە منداڵانی جیهان لەبەر نەبوونی شوێنی ژیانی تەندروست، ژینگەیەکی
پاکوخاوێنو بە تایبەت نەبوونی خۆراکی تەندروست، تووشی نەخۆشیی
جۆراوجۆرو تەنانەت مردنیش دەبن.

دڵنیام هەمووتان گرینگیەکی تایبەت بە پاکوخاوێنی و تەندروستیی
خۆتان دەدەن. کە وابوو دەبێ هەوڵ بدەین ژینگەی خۆمان بە پاکوخاوێنی
ڕاگرین، هەمیشە ئاگامان لە جۆری خواردنەکانمان بێ، بۆ ئەوەی تووشی
نەخۆشی نەبین. هیوای ژیانێکی ئاسوودەو ساغ و سلامەتی بۆ هەموو
ئێوەی ئازیز دەخوازین.

سەرنووسەر

ئانتوان دو سەنت ئێگزوپێری

لە ٢٩ی ژوئەنی ساڵی ١٩٠٠، لە وڵاتی فەڕانسە لەدایک بووە و لە ٣١ی ژوئیەی ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کردوە. هەر لەسەرەتای ژیانییەوە هۆگری بە فڕۆکەوانی لەودا گەشە دەکات و لەبەر خۆشەویستیی ئەو بۆ ئاسمان، دواتر دەبێتە فڕۆکەوان. لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی دەچێتە خزمەتی سەربازیی و لەوێ لە بەشی فڕۆکەوانیدا دەست دەکات بە بەڕێوەبردنی ئەرکی سەربازی خۆی و دوای چەند ساڵ کە لە ئەرتەش دیتە دەر، خەریکی کاری جۆراوجۆر دەبێ. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر واز لە فڕۆکەوانی ناهێنێ و لە هێڵی هەوایی و لەنێوان چەند وڵاتدا دەست بەکار دەکاتەوە. ئەو لە تەنیشت کاری فڕۆکەوانی دەست دەکات بەنووسین و هەتاکوو دوا ساتەکانی ژیانیشی واز لە نووسین ناهێنێ و چەندین بەرهەمی جۆراوجۆر دەنووسێ کە لە بەناوبانگترینی ئەو کتێبانە دەتوانین باس لە «شازادە چکۆلە» بکەین کە ساڵی ١٩٤٣ی زایینی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم کتێبە یەکێ لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی وڵاتی فەڕانسەیە کە لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ منداڵان نووسراوە بەڵام گەورەساڵانیش ئەم کتێبە دەخوێننەوە. چیرۆکی شازادە چکۆلە لەلایەن زۆر کەسەوە بۆسەر زۆربەی زمانەکانی دنیا، ورگێڕدراوە. وەرگێڕانی ئەو کتێبە بۆ سەر زمانی کوردی لە لایەن ئاسۆ حەسەنزادەوە بووە کە بە شێوەیەکی جوان و شیرین، تیکەڵ بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، لەتوێی کتێبیکدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ئا: نێعمەت مەلا

نارین و سەیران!

پێش نیوەڕۆی ڕۆژێکی خۆشی بەهاری بوو، نارین بە پەلە پەل لە خوێندنگە گەڕایەوەو هەر لە حەوشەکە دا جانتاکەی کردەوە و لاپەڕەیەکی دەرهێنا. هاواری کرد دایە! دایە! دایـــــــــــــــــــــەه! دایکی نارین وەڵامی دایەوەو:

چی بووە نارین گیان؟! نارین: دایە گیان من سبەینێ لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانم دەچمە سەیران، جا ئەو شتانەی لەو لاپەڕەیەدا نووسراون دەبێ هەموویان لەگەڵ خۆم بەرم، ناسکەی هاوڕێم دەی وت ئەوە لیستەیە، لیستە. ئەو شتانەی نووسراون لەو لیستەیەدا بۆم ئامادە بکە.

دایکی نارین: هاهاها کچی شیرینم دەزانم زۆر خۆشحاڵی کە بۆ یەکەم جار لەگەڵ مامۆستایانو قوتابیانی خوێندنگەکەت دەچییە سەیران و گەڕان. بەڵام جارێ وەرە ژوورەوە و برێک بحەسێوە، دواتر پێکەوە ئەو شتانە ئامادە دەکەین.

نارین، دەست و دەم و چاوی شوشتو جلەکانی داکەند و دەستی کرد بە نان خواردن. لەسەر مێزی نان خواردن هاواری کرد: دایە! ئارام و هێدی دەیانوت من دەبێ لە سەیران گۆشت بەرم و ببیرژێنم، بۆیە نەوت و شقارتەشم بۆ دابنێ . دایکی نارین بە نارینی وت کە برژاندنی گۆشت و هەڵکردنی ئاگر بۆ منداڵان شیاو نیە، بۆیە دەبێ نارین خواردنێک لەگەڵ خۆی بەرێت کە پێشتر لە ماڵەوە دا ئامادە کراوە، بۆ گەرم کردنەوەشی یارمەتی لە مامۆستاکانی وەربگرێت، چونکە ئەوە کارێکی ئاسان نیە. نارین وتی دایە دەشزانم ئارام و هێدی ئەگەر گۆشتیان بۆ نەبرژێنم، لەگەڵم هاوڕێ نامێنن. بەڵام باشە من بە قسەی تۆ دەکەم دایە گیان.

نارین ئێستا لە نان خواردن تەواو نەببوو، بیری کەوتەوە کە ئەستێرەی هاوپۆلی پێی وتووە کامێراکەی باوکی لەگەڵ خۆی بێنێت. بۆیە ڕووی کردە دایکی: دایە! بڵێی باوکم کامێراکەیم بداتێ لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ سەیران؟ دایکی نارین پێکەنی و وتی: نارین گیان باوکت کامێراکەیت دەداتێ، بەو مەرجەی ئاگاداری بی و نەیشکێنی.

نارین: نا نا دایە گیان! بەخوا نایشکێنم تەنیا وێنەی سەیرانی پێدەگرم. دایکی نارین: کچی جوانم ئەگەر باوکت توانی، سبەینێ سەرێکتان دەدەین. نارین: نا نا دایە مەیەن، هاوڕێکانم پێیان خۆش نابێت و وا دەزانن من بچووکم و ناتوانم بۆخۆم ئاگام لە خۆم

بێت، نا نا مەیەن دایە گیان!

نارین و دایکی هەموو ئەو کەل و پەلانەیان ئامادە کرد کە دەبوو نارین لەگەڵ خۆی بیبات. نارین ئەو شەوە لە خۆشیی چوونە سەیران خەوی لێ نەدەکەوتو بەڵام بۆ ئەوەی ڕۆژی دواتر زوو وەخەبەر بێت هەر زوو چووە نێو جێگاوە. ڕۆژ هەڵاتو نارین خۆی ئامادە کرد بۆ چوونە سەیران. دایک و باوکی ماچ کرد، بەڵام پێش چوونە دەرەوە دایکی نارین لیستەیەکی دیکەی دایە دەستی کە داوای لە نارین کرد بە قسەی بکات و ڕەچاوی هەموو ئەو خاڵانە بکات کە لە لیستەکەدا نووسرابوون.

نارین لەو ڕۆژانەدا لیستەکەی بە من دا و وتی با منداڵان لە دنیای منداڵان دا بیخوێننەوە و لە کاتی چوونە سەیران دا زیانیان پێ نەگات و تووشی هیچ ناخۆشییەک نەبن. ئەوەش خاڵەکانی بوون: نارین گیان کچی شیرینم! ١- لە سواربوونی پاسەکەدا، ئاگاداری خۆتبە، بە قایشی سەلامەتیی خۆت ببەستەوە، لە کاتی دابەزین دا پەلە مەکە، لە پەڕینەوەدا ئاگاداری خۆت بەو ئاوڕ لە هەردوولا بدەوە ٢- لە هەڵبژاردنی جێگای دانیشتن دا وریا بن و لەو جێگایانە دا مەنیشە کە مەترسی کەوتنە خوارەوەی لێ دەکرێت. ٣- بەرد و دار لە جێی خۆی مەجوولێنە، نەبادا مار و دووپشک خۆی لە ژێر دا شاردبێتەوە و پێتەوە بدەن. ٤- لە ئاگر نزیک مەبەوە و یاری بە ئاگر مەکە. ٥- لە مامۆستا و هاوڕێیانت دوور مەکەوە و لەگەڵ هاوڕێکانت شەڕ مەکە و هەرچییەکت خوارد بەشی ئەوانیش بدە. ئەوە پاڵتۆیەکیشم بۆ داناوی ئەگەر سەرمات بوو لەبەری بکە. ٦- کیسەی زبڵم بۆ داناوی، پاشماوەی خواردنو زبڵەکان بکە ناو کێسەکەوە بۆ ئەوەی ژینگە پیس نەبێ.

هانا وریا

بەهار

دەی سا منداڵان وەرن بەهارە   یاری بکەن لەو دەشتو گوڵزارە

لەو کوردستانە خۆشو ڕەنگینە   لەو نیشتمانە جوان و شیرینە

دەی وەرن بڕۆین بۆ ناو گوڵەکان   بۆ ناو پەپوولە ڕەنگاورەنگەکان

ئێستا بەهارەو زۆر شادمانم   بە دیمەنی جوانی کوردستانم

هێرۆ عوسمان

پستەی تووڕەو منداڵی نەوسن

چەند دەنکە پستە پێکەوە هاوڕێ بوون. ئەوان زۆر دەم بە پێکەنینو خوێنشیرین بوون کەچی یەکیان زۆر تووڕەو لەخۆڕازی بوو. بۆیە کەس حەزی نەدەکرد بیکڕێو بیباتەوە...

هەموو دەنکە پستە خوێنشیرینەکان فرۆشرانو ئەو بە تەنیا مایەوە. سەرئەنجام تا منداڵێکی ورگن هاتو کڕی، بەڵام هەرچی کردی، دەنکە پستەکە پێنەکەنی تا منداڵەکە ناوکەکەی دەربێنێو بیخوا. منداڵەکە بۆ ئەوەی پستەکە پێبکەنێ چەند قسەی خۆشی بۆ گێڕایەوە بەڵام ئەوەش کەلکی نەبوو...

منداڵەکە چاوێکی لە دەوروبەری کردو پستەکەی خستە دەمیو گازێکی توندی لێگرت، بەڵام بەوەش هیچ نەگۆڕا. گازێکی دیکەی لێگرتو ئەوجار دەنکە پستەکە تەقەی لێهاتو شکاو ورد ورد بوو، لەتەکانی خستە دەستییەوەو چاوی لێکرد جگەلە توێکڵو نێوکەکەی لەتێک لە ددانیشی لەگەڵی لێبۆوە.

ئەوجار لە جیاتی دەنکە پستەکە منداڵە نەوسنەکە لە تاو ددانی نێوچاوانی تێکنابوو.

ئەری منداڵینە ئێوە بڵێن کێ بە ددانی دەنکە پستە دەشکێنێ؟!

وەرگێران لە فارسییەوە: مینا سوڵتانزادە



بۆچی مەلەکردن بۆ منداڵان بەسوودە؟

مەلەکردن وەرزشێکە کە بۆ بەهێزبوونی ئێسکو جومگەکان زۆر بەسوودە. بەتایبەتی کاریگەریی لەسەر لەشساغیو بەهێزیی سلامەتی لەشی مرۆڤ هەیەو یارمەتی دەدا بە گەیاندنی ئوکسیژێن بۆ ئەندامەکانی لەش.

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە ئەو منداڵانەی مەلە دەکەن لەباری مێشکەوە زیرەکترن.

هەر بۆ دەرخستنی ئەو راستییە لێکۆڵەران ٧٠٠٠ منداڵی تەمەن ژێر ٥ ساڵیان لە ئوستراليا، نیوزلەندو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەشێوەی بەردەوام بۆ ماوەی ٣ ساڵ مەلەیان کرد، خستە ژێر چاودێری.

ئەو لێکۆڵینەوەیە دەریخست ئەو منداڵانەی لە تەمەنی منداڵیدا مەلە دەکەن زۆر زیرەکترن لە منداڵانی دیکەو ئەوە یارمەتیی منداڵان دەدا بۆ ئەوەی زووتر فێری هێندێک کارو تایبەتمەندیی وەک فێربوونی بیرکاری، نووسینو ژماردن بن.

ئا: دایکی نارین

سوودەکانی ڕێواس

ڕێواس گیایەکی خۆڕسکە، تەنیا لە وەرزی بەهار لە کوێستانەکان دەڕوێ.

سوودەکانی ڕێواس:

١- ڕێواس، ڕێژەیەکی زۆری: وزە، ڤیتامین، پڕۆتین، چەوری، کەلیسیۆمو سۆدیۆم تیدایە.

وزە ٢٩ کالۆری

چەوری ٢/٠ گرام

پرۆتین ٨/٠ گرام

کەلیسیۆم ٧ گرام

سۆدیۆم ٥ میلی گرام

ڤیتامین ث ٧ میلی گرام

ڤیتامین ئا ١٠٠ تا ٢٠٠ یەکە

٢- بۆ ئەو ئەوکەسانە کە تووشی سکچوون دەبن خواردنی ریواس بە سوودە.

٣- گەدە و جەرگ بە هێز دەکا.

٤- خواردنی ریواس بۆ ئەو کەسانە کە بەردی گورچیلەیان هەیە باس نیە.

پەیام

بۆ سەرقاڵی

بەپێی ریزبەندی ڕەنگەکان
بە گۆچانەکەدا بڕۆ،
دوا خانە بە چ ڕەنگێک
کۆتایی هات نونە
دیارییەکەی بەو ڕەنگە
دەپێچێتەوە.
کام لە سێبەرەکان
سێبەری سەری
ئەسپەکەیە؟
ئەو خانانەی بازنەیان تێدایە پڕ بکەرەوە تا بزانی
ناوی کچەکە چییە؟

ئەریٚ منداڵینە ئێوەش دەتانزانی....

- سەدی ٢٠ی ئاوی شیرین لە جیهان لە نێوان ئامریکاو کانادا دایە؟!

- لە وشکاییدا باشترین ڕاوچی ورچەکانی جەمسەری باکوورن؟!

- ورچ، سەرەڕای کێشی زۆرو قورسی، دەتوانیٚ لە کاتژمێریٚکدا ٥٠ کیلۆمێتر ڕابکا؟!

- دارکونکەرە لە یەک چرکەدا ٢٠ جار بە دندووکی لە دار دەکوتیٚ؟!

- گیایەک هەیە «وێنووس»ی پیٚدەڵێن کە دەتوانیٚ مێش بخوا؟!

- مێرووەکان جیٚپێیەکانیان بۆ دیتنەوەی ڕێگە دەژمێرن؟!

- زەرگەتە ڕقی لە بۆنی ئارەقەیەو پەلاماری ئەو کەسانە دەدا بۆنی عارەقەیان لیٚدیٚ!

کۆکردنەوەو ئامادە کردنی: نارین کەنکاش

گیانلەبەرێک بەناوی ورچ

ورچەکان گیانلەبەرگەلێکی گواندارن کە لە ئاسیا، ئورووپاو ئامریکا دەژین. تاکوو ئێستا چەندین جۆری ورچ لەدنیادا دۆزراونەوە کە لەبواری ڕەنگی پێستیانەوە لێک جیاوازن. بۆ نموونە ئێستاکە «ورچی سپی، ورچی ڕەش، ورچی خۆڵەمێشی، ورچی قاوەیی، ورچی پاندا، ورچی ڕەشی ئاسیایی، ورچی ڕەشی ئامریکایی، ورچی چاویلکەیی، ورچی تەمبەڵ، ورچی هەتاوی» لەدنیادا ماون. زۆربەی ورچەکان لە شوێنی جیاوازدا دەژین، بۆ نموونە ورچی سپی لە باکووری گۆی زەویدا دەژی و لەنێو سەهۆڵبەندانەکاندا ژیانی خۆی بەسەر دەبا. تا لە باکووری گۆی زەوی بەرەو لای خوارووی گۆی زەوی بێین، ئەوە جۆری ورچەکان جیاوازتر دەبێ و ڕەنگی لەشیشیان دەگۆڕێ. ورچ لەنێو زۆربەی چیرۆکەکانی دنیادا باسی کراوە. لە ولاتی چین ورچی پاندا وەکوو یەکێ لە ورچە هەرە باشەکان و هێمای گەورەیی لە وەرزشدا هاتووە. لە کوردستانی ئیمەش لە چیرۆکەکاندا باس لە ورچ کراوە. نەنکەکانی ئیمە زار بە زار ئەم چیرۆکانەیان گێڕاوەتەوە و ئێستاکەش و زۆربەی منداڵەکانیش ئەوەی دەزانن کە ورچەکان زیاتر لەنێو دارستانەکاندا دەژین.

ئا: نێمەت مەلا



Hi every body سڵاو منداڵەکان
(Family)وانەی ئەمجارەمان تایبەت بە خێزانە
How many people are in your family?
ئێوە چەند کەسن لە خێزاندا؟
There are four people in my family.
ئێمە خێزانێکی چوار کەسین
Who are in your family?
کێن ئەندامانی خێزانی ئێوە؟

Grandma	Grandpa	Sister	Brother	Mother	Father
دایەگەورە	بابەگەورە	خوشک	برا	دایک	باب

This is my father. He is a teacher.
ئەوە بابی منە. ئەو مامۆستایە.
This is my mother. She is a nurse.
ئەوە دایکمە. ئەو پەرەستارە.
This is my sister. She is a student.
ئەوە خوشکمە. ئەو خوێندکارە.
This are my grandparents. My grandpa is 65 years old.
ئەوانە نەنک و باپیری منن. تەمەنی باپیرم 65 ساڵە.
My grandparents are retired.
نەنک و باپیری من خانەنشین بوون.

کاوەی ئاهەنگەری

مەترسیی شیری مانگا بۆ منداڵ

خواردنی شیری دایک بۆ هەر منداڵێک تا تەمەنی دوو ساڵان مافی هەر منداڵێکە و غەدرێکی گەورەیە، کە تا پێش ئەو تەمەنە لە شیری دایک بگیرێتەوە و دووریان بکەنەوە.

سەبارەت بەو کەسانەی کە پێش ئەو تەمەنە منداڵەکانیان لە شیر دەکەنەوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر ئەنجام دراوە کە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە هەتا پێش تەواوبوونی تەمەنی یەک ساڵان نابێ شیری مانگا بە منداڵ بدرێ، بەهۆی ئەوەی کە کەمبوونەوەی ئاسن لە جەستەی منداڵدا ساز دەکات.

مەترسییەکانی شیری مانگا:

شیری مانگا ڕێژەیەکی زۆری پرۆتئینی تێدایە، کە دەبێتە هۆی نەگونجاوبوونی خواردن و، هەروەتر زۆربوونی لە ڕادەبەدەری کێشی منداڵی بەدوادا دێت. هەروەتر شیری مانگا ڕێژەیەکی کەمی لە چەوریيە بەسوودەکان تێدایە، کە ئەو چەورییانە دەبنە هۆی گەشەکردنی مێشکی منداڵ و هێزی فێربوون لە منداڵدا زۆر دەکەن و لەگەڵ کەمبوونی ئەو چەورییانە مەترسیی بۆ سەر مێشک لەسەر دەبێت هەر بۆیە زۆر پێویستە، کە بە لانی کەمەوە تا تەمەنی یەکساڵان تەنیا شیری دایک بە منداڵ بدرێت.

بەڵام سەرەکیترین کێشە لە خواردنی شیری مانگادا هەر کەمبوونی ئاسنە. ڕێژەی

ئاسنی ناو شیری مانگا بە بەراوەرد لەگەڵ شیری دایک بە ڕێژەی لە سەداپێنج تا پەنجایە، یانی شیری مانگا لەسەدا پێنجی ئاسنی هەیە کەچی شیری دایک لەسەدا پەنجا.

کەمبوونی ئاسن دەبێتە هۆی کەمخوێنی، هەوکردنی بەردەوامی گوێچکەکان و دەم و لووت و تەنانەت نەقوستانبوونی منداڵیش. هەروەتر کەمبوونی ئاسن لە شەش تا دوازدە مانگیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە توانایی فێربوون لە منداڵدا یەکجار کەم بێتەوە.

ڕێگەچارەکانی پێشگرتن لە کەمبوونی ئاسن لە منداڵاندا:

دایکی دووگیان دەبێ هەموو ڕۆژێ بە ڕێژەی ١٥ میلی گرام ئاسن وەرگرێت یانی وەک دەرمانێک لە خواردنەکانیدا بیگونجێنێت. دەبێ بە لانی کەمەوە تا یەکساڵان شیری دایک بدرێت بە منداڵ. ئەگەر دایک شیری نەبوو ئەوا بۆ قەرەبووی ئەو ڕێژە ئاسنەی کە بە منداڵ ناگات، دەبێت ئەو شیرانە بدرێن بە منداڵ، کە ڕێژەیەکی زۆریان ئاسن تێدایە. پێش تەمەنی یەک ساڵیش بە هیچ جۆرێک نابێ شیری مانگا بە منداڵ بدرێت.

فێرگەی نەقاشی



زەنگۆڵە

باع باع بەرخۆلە
وەک خۆم جوان‌و بچکۆلە
هاتم بۆ لات نەرمۆڵە
بۆم هێناوی زەنگۆڵە
ئێستا ئەیکەمە ملت
گەردنی نەرم‌و شلت
بە زەنگۆڵەوە جوانە
تووک سپی خنجیلانە
دەی با بڕۆین خێراکە
وەرەو بەدواما ڕاکە
تا ببینن بزانن
زەنگۆڵەکانت جوانن

مندالینە! منو سمۆرەکەم جوان ڕەنگ بکەن ها!

ماڵی پشیلە شپڕێوەکان

لە ماڵی پشیلەکان هیچ شتێک لەسەر جێی خۆی نەبوو، هەر کامیان کە پێویستیان بە شتێک دەبوو دەبوایە یەک سەعات بە دوای دا بگەڕێن.
بۆ وێنە ئەگەر پێویستیان بە نینۆکگیر بوایە نەیاندەزانی لە نێو یەخچاڵ دا لێی بگەڕێن یا لە نێو بۆکسی دەرمانەکاندا؟
باوکیان، بەیانیان لە خەو هەلدەستا، شەلوارەکەی نەدەدیتەوە، دایکیان لە قابلەمە دەگەرا نەیدەدیتەوە.
یەکێک لە بێچووەکانیان یاری بە گلۆلەی بەن دەکرد، گلۆلەکەی ئەوەندە ئالۆز کردبوو هەمووی بە ماڵەکە دا بلاو کردبۆوە، هەر ئەو نیوەڕۆیە کلکی دایکیان بە بەنەکەوە گیری کرد و هەرچەندی کردی نەیتوانی خۆی رزگار بکا، هەر خەریک بوو کلکیشی لێ بێتەوە. خۆلاسە لە بەیانیڕا هەتا ئیوارێ لەو ماڵە هەر هات و هاوارە و کەس لە قسەی کەس حالی نابێ.
رۆژێکیان باوکی پشیلەکان زۆر تووڕە دەبێ و لە ماڵێ دەچێتە دەرێ، دوای ماوەیەک بیرکردنەوە دێتەوە ماڵێ و هەموویان لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و پێیان دەڵێ ئەوا ژیان ناکرێ، ئیمە دەبێ لەمەو بەدوا بە نەزم و دیسیپلین بین و کارەکانمان بە رێکوپێکی ئەنجام بدەین. منداڵەکان ئێوە دەبێ لە دیوی خۆتان یاری بکەن و دوای تەواو بوونی یارییەکەتان ئەسباب بازیەکانتان لە جێی خۆیان دابنێنەوە. بە دایکی پشیلەکانی گوت ئەتۆش دەبێ هەموو شتەکان بە رێوپێکی لە جێی خۆیان بچنی و لێیان نەگەرێی. منیش لەمەوبەدوا

لە ئەنجامدانی کارەکانی ماڵێ یارمەتیت دەدەم. بەمجۆرە بێچووە پشیلەکان خەریکی کۆ کردنەوەی گلۆڵەکان بوون بەلام زۆر زوو هەموو قسەکانی باوکیان لەبیر چۆوە و دەستیان کرد بە هات و هاوار و یاری و شەڕکردن.

بەمجۆرە کە ئەوانە یاری دەکەن، لەوانەیە هەموویان کلکیان لێک گرێ بدرێ.

ئاوا بچێتە پێش ماڵی ئەو پشیلانە قەت خاوێن نابێتەوە، کەوابوو با لێیان گەڕێینو چیرۆکەکەمان کۆتایی پێ بهێنین. هەرکات ماڵەکەیان خاوین کردوە سەریان لێ دەدەین.

وەرگێڕان بۆ کوردی: شیلان

ئامۆژگاری

ئامۆژگاری بۆ ئەو خەڵکە ژینگە دژی پیسی و چڵکە
واتە ژینگە لە هەموو شوێن لەگەڵ پاکی و هیمنی هاورێن
شوتی تۆمبێل، دەنگی گەورە بێزارکەری دەوروبەرە
گەر کۆوەبێ زبڵ و زاڵمان وێران دەکا گوندو شارمان
ژینگەی خاوێن جوان و خۆشە ئیلهام بەخشی مێشک و هۆشە
مادام وایە جا کەواتە دەبێ پاک بێ ئەو وڵاتە

محەمەد دارياس



دیاری عەبدولی

مانی حەسەنخاڵی

کازیوە شاداب


لۆڤان نستانی

سەنا میرابی

ڕەهەند سلێمانپوور

ئایدین ئەحمەدی

ژوان کەریمی

سۆنیا سۆهرابی